# لەگەڵ دەستپێکی دادگایی سەدامدا کوردەکان لە چاوەڕوانیی دادپەروەرییدان

دۆزی جینۆساید پاش بۆمبباران و گازبارانی گووندەکان لە ئۆپەراسیۆنی ساڵی 1988

نووسینی: مایکڵ هاوارد لە سەرگەڵو        وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: بەختیار کەریم


A man squats under a poster announcing Saddam's trial over the Anfal campaign of 1988. Photograph: Safin Hamed/Getty

پیر و لاو لەتاو گەرما و تۆز، سێبەری دارگوێز و دارتووەکانیان کردۆتە پەناگە. هەفتەی ڕابردووش لە ڕۆخی ئەو ڕووبارەی بەناخی دۆڵەکەی گووندی بەرگەڵودا هاژەدەکات، سەیرانیان دەکرد.

ڕۆژی هەینی بوو، کە ڕۆژی پشووە. بیرە دەخورایەوە، میوزیک دەژەنرا و گۆرانی دەچڕا. خێزان و هاوڕێیان دەستیان تێکئاڵاندبوو و هەڵدەپەڕین، لەکاتێکدا مەقەڵیەکانی گۆشتبرژاندن دووکەڵیان لێوەدەهات، بۆنی گۆشت بەرخ دەچوو بۆ ئاسمان و بۆ ڕەزەکان.

سەدان مەتر ژوورتر، لە گووندی سەرگەڵو، شێخ موحەمەد یادی ئەو ڕۆژانەی مانگی دووی 1988ی دەکردەوە کە دووکەڵ لە دۆڵەکەی خوراوە بەرزدەبوەوە، بەڵام دوکەڵی گۆشتبرژاندن نەبوو، بەڵکو لەپاش ترپەی نزمی تۆپەکان دەهات.

"هەندێک لە پیاوەکانمان لە خوارەوە بوون، هەر پاش چەند خولەکێک چاو و لووتیان ئاوی دەکرد و پێستیان بڵقی لێدەهات،" فەرماندەی پێشمەرگەی دێرین باسی کرد. "ئەوانی ترمان، دەموچاوی خۆمانمان بە پەڕۆی تەڕ داپۆشی بوو، بۆ ڕزگاربوون بەرەو چیاکان هەڵکشاین."

کیمیابارانەکە بەشێک بوو لە ئابڵووقەی بیستوپێنج ڕۆژیی سەرگەڵو و بەرگەڵو لەلایەن سوپای عێراقەوە، بەپاڵپشتیی فرۆکەی جەنگیی، کۆپتەر، موشەکهاوێژ و هەزاران سەربازی گاردی کۆماریی. ئەمڕۆ سەدام حوسەین بەتۆمەتی جینۆساید، لەو ئابڵووقەیە و چەندین ئۆپەراسیۆنی سەربازیی دیکەدا لەدژی کورد، دادگایی دەکرێت.

پاش خۆڕاگریی لەبەرامبەر هێزێکی پرچەکتردا، دواجار جەنگاوەرە کوردەکان لەگەڵ نزیکەی 3.500 گووندنشین پاشەکشەیان کرد. پیادەڕەوییەکی سامناکیان بەسەر چیا بەفرینەکاندا بەرەو سنووری ئێران کرد، بەڵام زۆر کەس لە ڕێگا کوژران.

هەر لەگەڵ ڕۆیشتنی ئەواندا، بیلدۆزەرەکان هاتن. درەختەکانیان لەڕەگ هەڵکێشا، ئاژەڵەکانیان سەربڕی، بیرەکانیان بە چیمەنتۆ کوێرکردەوە و هەموو بناغەیەکی سەرگەڵو و بەرگەڵو و لانیکەم بیستوپێنج گووندی دیکەیان سڕییەوە. بۆ شەش مانگی دوای ئەوە، ئەم ڕەفتارە بە توندوتیژیی زیاترەوە لە سەرانسەری ناوچە گووندنشینەکانی کوردستاندا دووبارە دەکرایەوە. دانیشتوانی سەرگەڵو، قوربانیی یەکەم قۆناغی شاڵاوێک

بوون کە ناونرابوو ئەنفال، کە لە ئایەتێکی قورئانییەوە وەرگیرابوو بۆ ئەوەی شەرعیەت بە کوشتن و تاڵانکردنی "کافران" بدات.

لەژێر پەردەی هێرشی دژە-چەکدارییدا لەدژی یاخیبووانی کورد، کە بە هاوکاریی تاران تۆمەتبار دەکران لە جەنگەکەیدا لەگەڵ عێراق، حکومەتی بەغداد پانتاییەکی فراوانی کوردستانی عێراقی لەسەر سنووری ئێران و تورکیا کردە "ناوچەی حەرامکراو".

هەزاران گووند بۆمبباران و هەندێکیان گازباران کران. دانیشتوانە ڕزگاربووەکە، کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون، کۆکرانەوە و بران بۆ زیندان، دواجار لە شوێنی دوورەدەست گوولەباران کران و لە گۆڕی بەکۆمەڵی نادیاردا نێژران. هیومان ڕایتس ووچ، دەڵێت لە هەشت قۆناغی شاڵاوەکانی ئەنفالدا، کە لە مانگی دوو بۆ مانگی نۆی 1988 درێژەی کێشا، لانیکەم پەنجا یا سەد هەزار کورد بەشێوەیەکی سیتیماتیک کوژراون. نزیکەی دوو هەزار گووند خاپوور کران.

لەگەڵ سەدام لە قەفەزەکەیدا، ئامۆزاکەی عەلی حەسەن ئەلمەجید (ناسراو بە عەلی کیمیایی) و شەش ئەندامی باڵای دیکەی حیزبی بەعس ئامادە دەبن. هەردووک دیکتاتۆری پێشوو و ئامۆزاکەی بە تۆمەتی جینۆساید دادگایی دەکرێن. ڕووبەڕووی سزای مەرگ دەبنەوە ئەگەر تاوانبارییان چەسپا.

لەپاش ڕووخانییەوە سێ ساڵ لەمەوبەر، سەدام تا ئێستا بە تۆمەتی کوشتنی 148 شیعەی گووندی دوجەیل لەساڵی 1980دا دادگایی کراوە. بڕیاری دادگا لە ناوەڕاستی مانگی 10دا دەردەچێت.

بەڵام دادگایی ئەمڕۆ زۆر جیاوازە لە هەموو ئەو شتانەی کە سیستەمی دادی عێراقی پاش-سەدام کاری تێدا کردوون. هەر لە ئێستاوە نیگەرانیی گەورە هەیە دەربارەی توانای دادگای باڵای عێراق بۆ لەئەستۆگرتنی دۆزەکە.

ڕیتچارد دیکەر، سەرپەرشتیاری پرۆگرامی دادپەروەریی نێودەوڵەتیی لە هیومان ڕایتس ووچ وتی: "تۆمەتی جینۆساید گەورەترین تۆمەتی ئامادەیە، ئەگەر دادگای عێراقی زۆر باشتر کار لە دووەم دۆزیدا نەکات وەک لەوەی لە دۆزی دوجەیلدا کردی، قوربانییەکانی ئەنفال دادپەروەریی نابینن. بۆ سەلماندنی بەرپرسیارێتیی سەدام حوسەین لە جینۆساید، پێویستە پارێزەرانی سەرکۆنەکردن بیسەلمێنن کە تۆمەتبار مەبەستی بووە قوربانییەکان لەناوببات بەتایبەتیی لەبەرئەوەی کە کوردبوون، نەک تەنها لەبەرئەوەی بەرهەڵستکاری سیاسیی بوون."

دادگاکەی دۆزی دوجەیل زۆر بە توندی ڕەخنەی لێگیرا، لەبەر بەڕێوەبەرێتییە شێواوەکەی و پشتبەستنی زیاد بە گەواهی نەناسراو. هاوکات دادگاکە شکستی خوارد لە دابینکردنی ئاسایش بۆ پارێزەرانی داکۆکیکار، کە سیانیان کوژرا.

ئەندامێکی باڵای دادگاکە، کە بەمەرجی ناونەهێنان دوا، ددانی پێدانا کە دۆزی دوجەیل پەلەی لێکرا، بەڵام وتی کە دادگاکە زۆر باشتر ئامادەیە بۆ دۆزی ئەنفال: "ئەمە دۆزێکی مەزن و ئاڵۆزە کە دەکرێت چەندین مانگ بخایەنێت. وتەی هەزاران گەواه، چەندین تەن دۆکیومێنتی فەرمیی ڕژێمی پێشوو لەگەڵ بەڵگەی بەردەست لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانەوە ئامادەکراون." وتی کە دادگاکە "بەپێ ستانداردی قبوولکراوی نێودەوڵەتی کاردەکات."

هاوکات لە گووندی سەرگەڵو، ژیان بەشێنەیی دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی ئاسایی. شێخ موحەمەد کە لە ساڵی 1998دا پاش فرۆشتنی چێشتخانەکەی لە (سەرێی لە بریتانیا) گەڕاوەتەوە دەڵێت: "بەر لە ئەنفال پێنج سەد ماڵ بووین، ئێستا چل تا پەنجا خێزان هاتوونەتەوە. گووندییەکان دەخوازن بگەڕێنە و گووندەکەیان ئاوەدان بکەنەوە، بەڵام لە دۆخێکی نالەباردان. زۆربەیان بێوەژنن و هیچ سەرچاوەیەکی داراییان نییە. لەوانەیە دادگایی کردنەکە یارمەتییان بدات."

حکومەتی هەرێمی کوردستان دوێنی وتی، داوا لە حکومەتی نێوەندیی دەکات قەرەبووی قوربانییەکانی ڕژێمی سەدام حوسەین بکاتەوە، بەو پێیەی کە لە دەستوری عێراقدا هاتووە.

سەرچاوە: گاردیانی 2006/08/21

http://www.guardian.co.uk/Iraq/Story/0,,1854764,00.html